# شەیتان ووتی: سوێند بە شکۆداری تۆ ئەی پەروەردگار، بەردەوام بەندەکانت گومڕا دەکەم؛ هەتا کاتێک ڕۆح لە لاشەیاندا مابێت، پەروەردگار فەرمووی: سوێند بە شکۆداری ومەزنی خۆم؛ منیش بەردەوام لێیان خۆش دەبم ئەگەر داوای لێخۆشبوونم لێبکەن

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «شەیتان ووتی: سوێند بە شکۆداری تۆ ئەی پەروەردگار، بەردەوام بەندەکانت گومڕا دەکەم؛ هەتا کاتێک ڕۆح لە لاشەیاندا مابێت، پەروەردگار فەرمووی: «سوێند بە شکۆداری ومەزنی خۆم؛ منیش بەردەوام لێیان خۆش دەبم ئەگەر داوای لێخۆشبوونم لێبکەن».

[حەسەنە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شەیتان ووتی: سوێند بە شکۆداری تۆ ئەی پەروەردگار، بەردەوام بەندەکانت گومڕا دەکەم؛ هەتا کاتێک ڕۆح لە لاشەیاندا مابێت): واتا شەیتان سوێندی خوارد بە شکۆداری خوای گەورە کە ئەو بەردەوام دەبێت لەسەر گومڕاکردنی بەندەکان بە درێژایی ژیانیان لە دونیادا. (پەروەردگار فەرمووی: سوێند بە شکۆداری ومەزنی خۆم؛ منیش بەردەوام لێیان خۆش دەبم ئەگەر داوای لێخۆشبوونم لێبکەن): خوای گەورە وەڵامی دایەوە وسوێندی بە مەزنی وشکۆداری خۆی خوارد بەوەی بەردەوام لێیان خۆش دەبێت ئەگەر ئەوان داوا لە خوای گەورە بکەن لە تاوان وگوناهەکانیان بکەن خۆش بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8305

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee